گوتەرەس: مەترسی دابەشبوونی خاکی سووریا هەیە

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیو گوتەرەس دووپات: "مەترسی دابەشبوونی خاکی سووریا ماوە".

گوتیگەرەس لە کۆبوونەوەی ئابووری داڤۆس لە سویسرا گوتوویەتی: "زۆر پرسیار لەبارەی سووریاوە هەیە، هەروەها مەترسی دابەشبوونی خاکی سووریا هەر ماوە"، گوتەرەس گوتیشی: پێویستە هەندێک هەنگاو بگیرێتەبەر بۆ سووککردنی و لەبارککردنی سزاکانی سەر دیمەشق.

پێشتریش سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجومەنی ئاسایش جەختی لەسەر پێویستی بەدیهێنانی گواستنەوەیەکی سیاسی گشتگیر لە سووریا کردەوە و ئاماژەی بە گرنگی ئەم هەنگاوە کرد بە بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوەتی.